ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
79
10 ی ئازار/ مارس ی 2024

## گۆڕستانی ژنانی بێناونیشان پەڵەیەکی شەرمەزاریە بەنێوچەوانی دەسەڵات و یاساو فەرهەنگ و کەلتورو نەریتی کوردایەتی و ئیسلامیەوە.



## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی تایبەت بە هەرێمی کوردستان!

بۆ لاپەڕە ۳



## بارزانی لە واشنتۆن!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٥



## کارنامەی کوردایەتی و حزبەکانی دوای ۳۳ ساڵ لە ڕاپەڕین!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ۱۰

## پابەندکردنی هەردووحکومەتی عێراق وهەرێم بەدانی موچە، تەنها هەنگاوی یەکەمە!

بۆ لاپەڕە ۷

## بڕیاری دادگای فیدراڵی لەسەر هەڵبژاردنی کوردستان

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ۸

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## وەهمی هەڵبژاردن



موحسین کەریم

بڕیارە لە مانگی (٦)ی ئەمساڵدا هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت. پروپاگەندەی هەڵبژاردن و دەنگۆی گۆڕانکاری لەهەموو لایەکەوە بڵاودەکرێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر ئەو پرسە بڕیارێکی لە ماوەی ڕابردوودا دەرکرد.

بێگومان یەکێتی و پارتی پێویستیان بە هەڵبژاردن و گەرمکردنی فەزای دەنگدان هەیە، تا دوای ریسوابوونی دەسەڵاتەکەیان لای خەڵک و ئومێدخواستن بە نەمانی، شەرعیەتیکی درۆزنانە بۆ دەسەڵاکەیان بەدەستبهێننەوە. هاوکات لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانکاریانەی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی دوای دەستێوەردانەکانی دادگای فیدراڵی لەکاروباری سیاسی و ئیداری و یاسایی هەرێمی کوردستان هاتوتەئاراوە کە هاوسەنگیەکی نوێی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا دروستکردوە، ئارایشی حکومەتی هەرێم بدەنەوە، بەجۆرێک ئەو پاشاگەردانیەی کە ئێستا لە بەڕێوەبردنی حکومەتدا هەیە کۆتایی پێ بێت یاخود کەم بکرێتەوە.

یەکێتی و پارتی، بۆ ڕازیکردنی ئەمریکا دەبێت ئەوکارە بکەن. ئەمریکا پێویستی بەوە هەیە لە عێراقدا پێگەیەکی سیاسی- سەربازی هەبێت. تەنها جێگاش بەدەستیەوە ماوە، هەرێمی کوردستانە. هەڵبەتە دۆخەکە هەم بۆ ئەمریکاو هەم بۆ پێگەی حزبەکانی کوردایەتی لە ستراتیژی سیاسی ئەمریکادا لەناوچەکەدا، گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە.

بۆ لاپەڕە ۲

# درێژەی...... وەهمی هەڵبژاردنی

ئەمریکاش ناچارە بە ڕیکەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا پێگەی خۆی لەعێراقدا بپارێزێ و هەرێمی کوردستانی بەهێزو یەکگرتوو، وەکو خۆیان دەڵێن، ئەو کارتە دەبێ بەدەست ئەمریکاوە بۆ ساتوسەودا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا. بەو دۆخەی ئێستای هەرێمەوە کە یەکێتی بەتەواوی لەپاڵ حکومەتی ناوەند و لەژێر ڕینماییەکانی ئێراندا دەجوڵێتەوە، کارەکە لە ئەمریکا تێکدەدات. ئەو هەڕەشەیەی کە گوایە ئەمریکا لە سەرانی پارتی کردوە بەوەی ئەگەر لەگەڵ یەکێتیدا ئەو دۆخەی ئێستا تەواونەکەن، دەیانخاتەوە بەر ڕەحمەتی بەغدا، بۆ ناچارکردنیانە بە ڕازیبوون بە سیاسەتەکەی ئەمریکا.

لەلایەکی دیکەوە یەکێتی و پارتی، کە لەچاوی حکومەتی بەغداوە لە هەموو کاتێکی پێشووتر لاوازترن، بەوەی کە ئەمریکا کە پشتیوانی هاتنەسەردەسەڵاتی ئەوان بوو چ لە ساڵی ١٩٩١ و چ لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، خۆی ئەو پێگەیەی نەماوە لە عێراق و ناچارە موجامەلەی حکومەتی ناوەند بکات، هەروەها دۆخی نێوان یەکێتی و پارتی بەرەو دارمان و لێکترازان چووەو توانای هیچ جۆرە بەرەنگاریەکیان نەماوە بەرامبەر بە ناوەند، و لەهەمووشی گرنگتر ئەوان دەزانن کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کەوتۆتە بەر نەفرەتی خەڵکی کوردستان و هیچ پێگەیەکی جەماوەریان نەماوەو شەرعیەتی جەماوەریان لەدەستداوە، بگرە بەشێک لە خەڵک وەکو تۆڵەکردنەوە لەوان ئومێد بە گەڕانەوەی هەرێم بۆ سەر عێراق دەخوازن، بۆیە بەناچاری یەکێتی و پارتی دەیانەوێ لەرێگای هەڵبژاردنەوە ئەو پەیامە بە بەغدا بگەیەننەوە کە هێشتا لەلایەن بەشێکی خەڵکی کوردستانەوە قبوڵکراون و دەبێ وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ خۆیان و دەسەڵاتەکەیاندا بکەن.

بەڵام پرسی هەڵبژاردن دیوێکی دیکەیشی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە دەستەو گرووپی ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی، لەوانەی کە لە دامێنی دەسەڵاتی گەندەڵ و نایەکسان و تاڵانچی و مافیایی کوردایەتیەوە داکەوتوون و خۆیان یان بەشێک بوون لەدەسەڵات و لە ململانێی بەرژەوەندی نێوان خۆیاندا لەیەکتر زویر بوون یان خراونەتە کەنارەوە، یاخود لەخێروبەرەکەتی سیستەم و ئەو دۆخە سیاسی و ئابوریەی کە دەسەڵاتدارانی چەتەگەری کوردایەتی بۆیان سازکردوون، سامانی خەیاڵیان بۆخۆیان کۆکردۆتەوەو ژیانی شاهانە دەژین، مژدەی چەواشەکارانەی گۆڕانکاری گەورە لەئاکامی ئەم هەڵبژاردنەوە بە خەڵکی کوردستان دەدەن. ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ساختەچیە وانیشان دەدات کە هەڵبژاردنی ئەمجارە لەوانی دیکە جیاوازەو پارتی و یەکێتی ناتوانن ساختە بکەن لە دەنگەکاندا، بۆیە کاتی ئەوەیە تۆڵەیان لێبکرێتەوەو لەرێگای دەنگدان بەو ئۆپۆزیسۆنە ساختەکارەوە، دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کۆتایی پێبێنن! هەڵبەتە ئەوانە خۆشیان دەزانن کە ئەو کارەیان خەیاڵەو دۆخی سیاسی و میلیشیایی هەرێم و پێگەی ئەو دوو حزبە چەکدارە لای خودی ئەمریکاو ئێران و حکومەتی عێراق و تەنانەت تورکیاش لەوانەی ئۆپۆزیسیۆن گرنگترە، چونکە کۆنترۆڵکردنی دۆخی سیاسی و ئەمنی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەو دەوڵەتانەو سەرکوتکردن و بێگەدەنکردنی خەڵک و هەر جوڵەیەکی سیاسی جەماوەری ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی خەڵک بۆ بۆرژوازی کوردو ناوچەکە بەهێزی میلیشیای خۆماڵی ئیمکانی هەیە، نەک بەو ئۆپۆزیسیۆنە پلاستیکیەی نەوەی نوێ و فلانە کۆنەپەرلەمانتار و تۆراوی سیاسی.

هەڵبژاردنی ئەمجارە لەم دۆخێکی تایبەتیدا دەکرێ کە خەڵک و مامۆستایانی کوردستان ماوەی (٥) مانگ شەقامیان لە دەسەڵاتی مشەخۆری کوردایەتی گرت و خواستی ڕۆشتنی ئەم دەسەڵاتە جارێکی دیکە لە هەموو کونوقوژبنێکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەنگی دایەوە. ئامانجێکی ئەم هەڵبژاردنە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیەوە کپکردنەوەی ئەو دەنگەیە. بۆ دەسەڵات درێژکردنەوەی تەمەنیەتی و بۆ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش وەرگرتنی هەندێ ئیمتیازاتی سیاسی و ئابوریە بەرامبەر بەو خزمەتەی پێشکەشی دەسەڵاتی دەکات! هەڵبژاردن ڕێگای خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و کەمدەرامەتی کوردستان، کە بەهۆی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیەوە ژیانیان کراوەتە دۆزەخ، نیە! ڕێگایە ئەوان درێژەدانە بەوەی کە ساڵانێکە و لەماوەی (٥) مانگی ڕابردووشدا گرتیانەبەر!

☆

ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی تایبەت بە هەرێمی کوردستان

**ئۆکتۆبەر: نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەر دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دوو بڕیاری سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەرکرد. یەکێکیان پابەندکردنی حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم بوو بە دانی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم. دوەمیشیان هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکان بوو لە پەرلەمانی کوردستان. بەبڕوای ئێوە هۆکاری ئەوەی کە دادگای فیدراڵی بێتەسەر خەت لەسەر دوو پرسی گرنگی هەرێمی کوردستان چیە؟**

خەسرەو سایە: بەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، هاوکێشەی هێز هەم لەعێراق و هەم لەکوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و حزب و لایەنەکان لەهەوڵی دیاریکردنەوەی پێگەی خۆیاندان. لەم نێوەشدا پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا سەری لەقەیرانێک دەرهێناوەو ئیتر ئەو چوارچێوەیە نەماوە کە لەسەردەمی دارشتنی دەستورو پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراقدا، شکڵیگرت. ئێستا ئیتر هێزە عێراقیەکان بەتایبەتی لایەنە شیعەکان و ئەو هاوپەیمانیەتیەی کە هەیانە، لە هەوڵی مەرکەزیکردنەوەی دەسەڵات و لێسەندنەوەی ئەو ئیمتیازاتانەن کە پێشتر بە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیان دابوو وە بەهۆیەوە "قەوارەی هەرێم" ڕەسمیەتی وەرگرت. لەم قەیرانەشدا حکومەتی عێراق بۆ بچوککردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم و تەسلیمبونی حزبەکان، لەهەر دەورەیەکدا لەسەر مەسەلەکانی وەک خاڵەسنوریەکان، فڕۆکەخانەکان، مەسەلەی نەت وغاز، موچەو بودجە، پەرلەمان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و.. کەوتۆتە ناکۆکیەوە و سەرەنجام پاشەکشەیەکی بەسەر حکومەتی هەرێمدا داسەپاندووە. بێگومان ئەم دۆخە ناکۆکیەکانی نێوان حزبەکانی کوردستانی قوڵترکردۆتەوە و قەڵشتێکی لەڕیزەکانیاندا پێکهێناوە، بەتایبەتی پارتی کە پاڵیداوە بە تورکیاوە "مافە دەستوریەکان"ی بۆ ڕاگرتنی پێگەی خۆی و قەوارەی هەرێم بەدەستەوە گرتوەو لە هەوڵدایە بەئاسانی ملنەدات بە بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵ و حکومەتی عێراقی، یەکیەتیش کە پاڵی بەئێرانەوە داوە، وەک پارسەنگی لایەنە شیعەکان و هاوپەیمانێتیەکەیان و بۆ ڕاستکردنەوەی بالانسی سیاسی لەبەرانبەر پارتیدا، نەک هەر لایەنگری سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق و بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵە، بگرە خۆی مودەعی و خاوەنشکاتە لەبەرامبەر پارتی و حکومەتی هەرێمدا. لەدۆخێکی ئاوادا و کاتێک ناکۆکیەکان لەسەر بەشە بودجەی حکومەتی هەرێم و دانی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان چەقی بەست، حکومەتی هەرێم ئامادەنەبوو موچە دابین بکاو حکومەتی عێراقیش کەوتە بیانووگرتن و بەمجۆرەش موچەی مامۆستایان و کارمەندانی هەرێم بووە گرێیەکی سیاسی بێچارەسەر. بەڵام سەرەڕای گفتوگۆ و دانوسانی چەندینجارەی نێوان وەفدی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی، بابەتی موچە بەهەڵواسراوی مایەوە و ئەمەش نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەرانی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا. پاش زیاتر لەپێنج مانگ خۆپیشاندان و بایکۆتی خوێندن، دادگای فیدڕال لەژێر فشاردا، ناچاربوو بەدەخاڵەتکردن و ئەو بڕیارەی لێکەوتەوە کە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی لەڕووی یاساییەوە پابەند بکات بەدابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان و دەرگای کردەوە کە ئەم کێشەیە بەرەو چارەسەرکردن بچێت. بەمجۆرە دەکرێ بڵێین کە هۆکاری بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵ، لەدۆخی قەیرانی نێوان هەرێم و لێکترازانی ڕیزی حزبەکان و فشاری نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و کارمەنداندا، هاتۆتەکایەوە.

**ئۆکتۆبەر: لەبارەی موچەوە، ئایا بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵ هیچ دەستکەوتێکی بۆ مامۆستایان و موچەخۆرانی کوردستانی تێدایە؟بەرای ئێوە کێشەی موچە چارەسەردەبێت؟**

خەسرەوسایە: تا ئەوجێگەیەی کە بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵ، هەردو حکومەتی هەرێم و بەغدای پابەندکردوە بە دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان، دەستکەوتێکە و لەڕوی یاساییەوە دەرگای چارەسەربوونی ئەم کێشەیەی خستۆتەسەرپشت، بەلام ئەوەی کە یاساکە چۆن جێبەجی دەکرێ، هێشتا مەسەلەی مووچەی لە کێشەیەکی سیاسی و ناکۆکیەکانی نیوان حکومەتی هەرێم و بەغدادا هێشتۆتەوە. ئەوەتا پارتی مەسەلەی مووچەی بەپێگەی قەوارەی هەرێم و دەسەلاتەکانی خۆیەوە بەستۆتەوەو دەڵیت دەبێ حکومەتی هەرێم خۆی مووچە لەڕێگای بانکەکانی هەرێمەوە دابەش بکات، لایەنە شیعیەکان و ئۆپۆزسیۆنیش لەکوردستان داوادەکەن کە ڕاستەوخۆ بەغدا خۆی مووچە بدات بە کارمەندانی کوردستان و حکومەتەکەی سودانیش هەررۆژە بیانوی لیست و بەدەستهێنانی زانیاری دەگرێ و دەلێت موتمانەی نیە و بانگەشە بۆ دانی موچە لەڕیگای بانکی مەرکەزی عێراقەوە دەکات.. لەکاتێکدا کەسیستەمی بانکی نە لە هەرێم و نە لە عێراق توانای ئەوەیان نیە کە مووچە دابەشبکەن. ئەمانەش پێمان دەڵێن کە سەرەڕای پابەندکردنی هەردو حکومەتی عێراق و هەرێم بەدانی موچە، بەلام هێشتا لەبازنەی سیاسەت و ناکۆکیەکانی ئەم دەسەڵاتانەو حزبەکاندا ماوەتەوە. بەتایبەتیش ئەگەر نارەزایەتی مامۆستایان و کارمەندان تەوژمێکی تری فشارەکان نەهێنێتە مەیدانەوە و یەخەی هەردو دەسەلات نەگرێ، ئەوا ئەو

⇦

دەستکەوتەشی کە بەدەستهاتوە لەئاستی یاسادا دەمێنێتەوەو کێشەی مووچە لەناو ناکۆکی حزبەکان و هەردوو حکومەتدا تا ماوەیەکی تر دەهێڵێتەوە.

**ئۆکتۆبەر: بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵ "کورسی کۆتاکان"ی هەڵوەشاندەوە وسیستەمی چەند بازنەیی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان داسەپاند.. لەمبارەیەوە پارتی نیگەرانە و لەدژی مافی تورکمان و مەسیحیەکان و نوێنەرایەتیان لەپەرلەمانی کوردستان دەزانێ. هەشە بڕیارەکە بەدەستەکەوت و لێدان لەپێگەی پارتی لێکدەداتەوە.. ڕای ئێوە لەسەر پرسی "کورسی کۆتاکان" چیە وحزب لەکوێی ئەم بۆ چونانەدا ڕادەوەستێت؟**

خەسرەو سایە: بەدڵنایییەوە "کورسی کۆتاکان" بۆ پارتی ئامڕازیک بوە بۆئەوەی پێگەی خۆی لەپەرلەمانی کوردستاندا لەدژی حزبەکانی تر بەهێزبکا و بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانی بەکاریان بهێنێ. بەلام ئەوەی کە دادگای فیدڕاڵ شێوازی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستانی بۆ ١٠٠ کورسی کەم کردۆتەوەو شێوازی فرەبازنەیی کردۆتە بڕیار، لەبنەڕەتەوە، وەلامێک بوە بەداوای یەکیەتی نیشتمانی و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان کە نەیاری پارتین و چاویان لەحکومەتی عێراق و لایەنە شیعەکان بڕیوە بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان لەبەرامبەر پارتیدا. بەمجۆرەش دەردەکەوێت کە هەردولای ئەم هاوکێشەیە لەبەرژەوەندی خۆیاندا باس لە"کورسی کۆتاکان" دەکەن و وەک وەسیلەیەک بۆ پچرینی ئیمتیازات، بەدەستیەوە دەگرن و پڕوپاگەندەی بۆدەکەن. بەلام ئەوەی کەلێرەدا پایەماڵ دەکرێ "مافی کەمایەتیەکان"ە.

ئەوەی کەحزبی ئێمە چۆن لەپرسی"کورسی کۆتاکان" و مافی "کەمایەتیەکان" دەڕوانی، سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە "کۆتاکردن" و دانانی ١١ کورسی بۆ هاوڵاتیانی تورکمان و ئەرمەن و مەسیحیەکان، پەلەیەکی شەرمەزاریە بەنێوچاوانی سیستەمێک کە لەعێراق و کوردستاندا داسەپێندراوە. ئەمە بەمانای بە پلەدووکردنی ئەم بەشە لەهاولاتیانی کوردستان و لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبونی یەکسانی ئەوانە. ئەمە بەمانای ئەوەدێت کە هاولاتیانی تورکمان و مەسیحی و.. لەکەنار حزبەکانی کوردستانەوە دابنرێن و بکرێنە کارتی سیاسی و لەگەمەی نێوانیاندا بەکار بهێنرێن و سەربەخۆیی لەمافی هاولاتیبوونیاندا ژێرپێ بنرێ. بە دیویکیتریشدا ئەمە ڕوانگەی حزبە ناسیونالیستەکانە و بەپاساوی ئەوەی کە کورد"زۆرینە"یە دەبێ پۆستە بالاکان لەدەستیاندا بمێنیتەوە و هاولاتیەکی تورکمان و ئەرمەنی و مەسیحیش "کەمایەتی"یان بەبەردا دەکرێ ومافی خۆکاندیدکردنیان بۆ پۆستەبالاکانی وەک ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی هەرێم و ئەو دەزگایانەی کە ڕۆڵی بالایان لە بەڕێوەبردنی ولاتدا هەیە، لێدەسەندرێتەوە و وەک "کۆتا و کەمایەتی"، دەخرێنەکەنارەوە. لەراستیدا ئەم بابەتە هەڵدەگەڕیتەوە بۆ ئەو پلوڕالیزمە قەومی و مەزهەبی و قەبیلەییەی کە ئەمریکا لەسازدانەوەی حکومەتی عێراقی دوای ڕوخانی سەدامدا، بەناوی دیموکراسیەوە پەیڕەوی لێکردوە، کە لەبنەڕەتەوە لەسەر هەڵوەشانەوە مافی هاوڵاتی یەکسان و داسەپەندنی ناسنامەی درۆزنانەی قەومی و ئاینی دامەزراوە. ئەگەر بمانەوێت ئەم نەنگیە لەسەر شانی هاوڵاتیانی تورکمان و مەسیحی و ئەرمەنیەکانی کوردستان هەڵگرین، دەبێ ئەم سیستەمە هەڵوەشێتەوەو مافی هەوڵاتیانی یەکسان بەڕەسمی بۆ هەموان بناسرێت و کوردستان لەم ناسنامە درۆزنانەی کە داسەپێندراوە، دەربکێشرێت .

**ئۆکتۆبەر: مامۆستایان و کارمەندانی کوردستان دەبێ چیبکەن بۆئەوەی موچەکانیان لەو گێژاوەی تێییکەوتوە دەرچیت؟ ئایا دەکرێ حساب لەسەر دەسەڵاتی ناوەند بکرێ وەکو دڵسۆزی مووچەخۆرانی کوردستان؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا، بەدڵنیایەوە نابێت بەهیچ جۆرێک چاوەڕوانیەک لە حکومەتی عێراق و دادگای فیدڕاڵ وەک لایەنی خەمخۆر بۆ مافەکانی خەڵکی کوردستان سەیر بکرێ. بەتایبەتی کە ئەوە حکومەتی عێراقە مووچەی فەرمانبەرانی لەسەردەمی عەبادیەوە بڕیوەو وەک کارتێکی فشار بەسەر حکومەتی هەرێمدا بەکاریدێنێ. هاوکات هەر ئەم حکومەتە سەرچاوەی ئەو گەندەڵی و بێدادی و بێکاری و نەهامەتیەیە کە بەسەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هاوڵاتیانی بندەستی خۆیدا دایسەپاندووە. حکومەتێک کە خۆی سەرچاوەی نەهامەتیەکانی هاوڵاتیان بێت، بەدڵنیایەوە ناتوانێت خەمخۆری خەڵکی کوردستان بێت. ئەم حکومەتە کە لەسەربنەمای قەومی و ئاینی و تایەفەگەری دروست بووە، لەناکۆکیەکانیدا لەگەڵ حزبەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێمدا بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیەوەیەتی و بەهیچ جۆرێک مافی هاوڵاتیانی کوردستان لەبەرچاوناگرێ. بۆ دادگای فیدڕالیش بەهەمانشێوە، ئامڕازی دەستی حکومەتی عێراق ولایەنە شیعی و دەستەو تاقمە میلیشیاییەکانە و لەژێرناوی چاودێریکردنی دەستوردا، تەنها ئەو کەیسانە دەوروژێنێ کە لەبەرژەوەندی حکومەتی عێڕاقدایە. ئەم دادگایە کە گوایە داکۆکی لەدەستور دەکات، بەلام لەو چەند ساڵەی کە قوتکراوەتەوە، هیچ قسەیەکی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و ئەوانەی پەیوەندیان بەکێشەی ناوچە جێناکۆکەکان و مەسەلەی زەویوزاری شاری کەرکوکەوە هەیە نەکردووە. کەوایە خەڵکی کوردستان نابێ چاوەروانیان لەم دامودەزگایانە و حکومەتی عێراقی هەبێ، بەلکو دەبی بیانخەنە ژێر فشاری نارەزایەتیەکانی خۆیانەوە. خەڵکی کوردستان دەبێ دەستی هاوخەباتی و هاوچارەنوسی بۆ خەڵکی نارازی شارەکانی عێراق ڕاکێشێ و پێکەوە لەیەک بەرەدا لەدژی سەرتاپای ئەو سیستەم و دەسەلاتانەی کە هەم لەکوردستان و هەم لەعێراقدا جەماوەر دەچەوسیننەوە، بێنەمەیدانەوە.

لەبـارەی ئەوەشـەوە کە مامۆستایان و کارمەندانی کوردستان دەبێ چیبکەن بۆ ئەوەی موچەکانیان زامن بکەن و لەویاریە سیاسیە دەربکێشن، سەرەتا دەبێ ڕیزی خۆیان لەو ئاسۆ و سیاسەتانە جیابکەنەوە کە حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکەی دەیانەوێت، سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکانیان ببن و بیکەنە بەردەبازیک بۆ کورسی هێنانەوە.
بەم ئاسۆیەوە دەبێ ڕابەرانی نارەزایەتیەکان لەهەوڵی یەکگرتوکردن و یەکخستنی مامۆستایان و کارمەندان و خەڵکی مەحرومی کۆمەڵگادا بن و لەمەیداندا لەدەوری داخوازیەکانیان ڕایان بگرن.
لەبەرانبەر حکومەتی بەغداشدا، دەبێ مەنشوری داخوازی و مافەکانی خەڵکی کوردستان بەرزبکەنەوەو مافی هاوڵاتیانی یەکسان بۆ سەراسەری عێراق وەک بنەمایەک بەدەستەوە بگرن و لێرەشەوە پشتیوانی و یەکانگیری لەگەڵ خەڵکی نارازی شارەکانی عێراقدا بەدەستبهێنن.
بێگومان ئەم ئاراستەیە ئەوەش لە ئەنجومەنەکان و دەستەو گروپە نارازیەکان لەکوردستان دەخوازێ، کە لەروی ڕێکخراوەیی ور ابەریکردن و بەدەستهێنانی نوێنەرایەتی نارەزایەتیەکانەوە ئارایشتێکی چالاکانەتر بەخۆیان بدەن و ڕێگای دەخاڵەتکردنی ئازادانەو ڕاستەوخۆی هەڵسوراوان، لەبڕیاردان و هەڵبژاردنی تاکتیک و هەنگاوەکانی فراوانکردنەوەو یەکگرتوکردنی جەماوەردا دابینبکەن.
بەتایبەتیش لەبارەی موچەو بڕیارەکەی دادگای فیدراڵەوە، دەبێ چاو لەدەستکەوتی خۆیان ببڕن و نەچنە ئەو شەرەوە کە هەردو حکومەتی عێراق و هەرێم لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی موچە لەڕیگای بانقەکانەوە بەرێیان خستوە. ئەوان دەبێ فشارەکانیان لەسەر هەردو حکومەت توندکەنەوەو داوای موچەی خۆیان بکەن و ڕێگانەدەن یاری بەموچەوە بکرێ..

★

# بارزانی لە واشنتۆن!

## عوسمانی حاجی مارف

سەردانەکەی مەسرور بارزانی، بۆ ئەمەریکا بە پشتبەستن بە بانگهێشتنامەیەکی فەرمیە، کە لە ئیدارەی جۆ بایدن وەریگرتبوو، پەیامێکی ڕوون و ئاشکرای ئەمەریکایە سەبارەت بە نوێکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە پەیوەندیەکانی واشنتۆن لەگەڵ بەغدا، ئاماژەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکایە بۆ ناوچەکە، هەروەها مامەڵەی ئیدارەی بایدنە دەربارەی فشارەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی لەسەر هەرێم، بەڵام بایدن بۆ خۆی چاوپێکەوتنی لەگەڵ مەسروردا نەکرد.

ئیدارەی بایدن هەوڵئەدات ناوچەکە بکاتە ناوەندێکی سەرەکی کێشکردن بۆ نفوزی زیاتری ئەمریکا لە عێراقدا، بە تایبەتی کە حکومەتی عێراق و هێزە میلیشیاکانی سەر بەئێران، لەئێستادا کاردەکەن بۆ کۆتایهێنان بەرۆڵی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا. سەردانەکە لەژێرڕۆشنایی ئەو مشتومڕە بەردەوامەشدایە، لەسەر کاریگەری لایەنە شیعەکانی نزیک بە ئێران، کە شوێنەکانی هێزەکانی ئەمەریکایان لە سوریا و عێراق کردۆتە ئامانجی هێرشەکانیان.
ئەمەریکا سزای بەسەر زۆرێک لە بانکەکانی عێراقدا سەپاندوە، لەهەمانکاتدا بەسەر کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی لەلایەن بازرگانێکی عێراقیەوە بەڕێوەدەبرێت کە تۆمەتبارە بە نزیکبونەوە لە میلیشیاکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە سوپای پاسدارانی ئێران.
بەردەوامی حکومەتی سودانی، کە "پەیوەندیەکی نزیکی بە پارت و لایەنە شیعەکانی نزیک لە ئێرانەوە هەیە"، لە پرۆسەی دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆیشتنی ئەم هێزانە نوێنەرایەتی کەمبوونەوەی کاریگەری ئەمەریکا دەکەن لە عێراقدا بو پاکردنەوەی زیاتری مەیدانەکە بۆ ئێران.
هێزە میلیشیا شیعەکان بەئاشکرا دژایەتی دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن، تا هاوسەنگی زیاتر بە قازانجی ئێران و هاوپەیمانەکانی بێت. هەر بۆیە ئەمەریکا هەوڵی زیاتر ئەدات تا لە هەرێمی کوردستان، گۆرەپانێکی گونجاو بۆ پاراستنی نفوزی خۆی لە عێراقدا جێگیر بکات.
لە چەندساڵی ڕابردوودا بەدەورو دەخالەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ناوچەکە زیاتر لەژێر فشاری توندی هێزە شیعە دەسەڵاتدارەکانی عێراقدا ڕاگیراوە، بە ئامانجگرتنێک کە سوپای پاسدارانی ئێران زیاتر لە جارێک بەئاراستەکردنی مووشەکی بالیستی تێوەگلاون، لەلایەکی ترەوە لەرێگەی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیەوە ڕاستەوخۆ حکومەتی عێراق بڕیارەکانی بە ئاراستەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم هەنگاوی ناوە.
ئەم فشارانە ناسەقامگیری زیاتری خستۆتە بەردەم ئایندەی قەوارەی هەرێم، کە لەمبارەیەوە ئەمەریکا هەڵوێستێکی جدی نیەو نارۆشنە چۆن مامەڵەی ئەو دۆخە دەکات، لەهەمانکاتدا کاردانەوەیەکی جدی لەوبارەیەوە نیشان نادات، بۆیە بانگهێشتی واشنتۆن بۆ بارزانی ئاماژەی ئەوەیە ڕێگەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا پەیدا بکات، چونکە هەرجۆرە فەرامۆشکردنێکی دەخالەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، ئاستی ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا، بە پاشەکشەی زیاتری دەوری ئەمەریکا دەشکێتەوە.
هەرچەندە ئامانجی سەردانەکەی مەسرور بارزانی پەنابردنە بۆ ئەمریکا لە

بەرامبەر ئەوەی رووبەرووی ئاستەنگی زۆر بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا کۆبوونەوەکانی بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئیدارەی بایدن لەباری عەمەلیەوە نەیتوانی ئاسۆیەکی رۆشن بخاتەبەردەم ئایندەی پێکهاتەی هەرێم، هەروەها هەوڵدانێک نابینرێت بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم، کە ئێران و لایەنە شیعەکانی دەسەڵاتدار لە حکومەتی عێراقدا لە هەوڵی جێگیرکردنی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق و بچوکردنەوەی قەوارەی هەرێمدان، لەمبارەیەشەوە ئەمەریکا هیچ هەڵوێستێکی پەرچەکرداری نیشان نەداوە. بلینکن لە کۆمێنتێکی سەر ئەکاونتی خۆی ئاماژەی بەوەداوە کە "ئەمریکا پشتیوانی لە ناوچەیەکی سەقامگیر دەکات وەک بەردی بناغەی پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا". واتە دەبێت هەرێم خۆی لەگەڵ ناوەندا بگونجێنێت، لەلایەکی تریشەوە نابێت بەرەنگاری بریارەکانی دادگای فیدراڵی بێت. بۆیە لەو وتووێژانەی لەنێوان بلینکن و بارزانیدا ئەنجامدراون، سەبارەت بە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەداراییەکان و موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و رێزگرتن لە قەوارە دەستووریەکەی هەرێم، پاراستنی مافی پێکهاتەکانی تیاکراوە، جگە لەوەی هەردوولا، مەسرور و بلینکن دەڵێن دەبێت رێز لە قەوارەی دەستوری هەرێم و سیستمی فیدراڵی بگیرێت، بەڵام باس لەئەنجامدانی هیچ هەنگاوێکی عەمەلی لەوبارەیەوە نەکراوە، هەروەها هیچ پشتیوانیەکی جدی ئەمەریکا بۆ هەرێم نیشان نەدراوە، هیچ بەڵێنێکیش لەوبارەیەوە نەخراوەتە روو، بەڵکو هەوڵی ئەمەریکا تەنها بۆ پێداچوونەوەیە لە چۆنیەتی پاراستنی بەرژەوەندیەکان و مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا. واتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە لوتکەی چڕبونەوەی فشارەکان بۆ سەر ناوچەکە، کە دۆخێکی تازە بەخۆیەوە دەبینێ و بە قۆناغێکی گرنگدا تێدەپەرێت، بەتایبەتی بەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر دانیشتوانی غەززە، ئەمەریکا پێویستی بەوەیە ئاراستەیەکی گونجاو بگرێتەبەر کە چۆن دەتوانێت بەرێوەبردنی ململانێ و کێشەکانی لە ناوچەکەدا بەسەربکاتەوە، ئەوەی پێشبینی دەکرێت، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەم ئاڵوگۆرانەدا، پێگەو جێگاو شوێنێکی وەهایان نەماوە کەرۆڵیان هەبێت لەنێو هاوکێشە سیاسیەکاندا، بانگهێشتکردنی بارزانی تاقیکردنەوەیە بۆئەوەی تا چەند ئەتوانێ ملکەچی ئەو ئاڵوگۆرانەبێت و بچێتە ژێر باری قەبوڵکردنی ناوەندبونەوەی عێراقەوە، لەهەمانکاتدا سەرکێشیەک نەکات، کێشە بۆ بونی ئەمەریکا لە عێراق و ناوچەکەدا دروست بکات.

سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا، بۆ بارزانی ئەو مانایەی لێدەبێتەوە تا چەند ئەتوانێ متمانەو پشتیوانی ئەمریکا بەلای بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی بارزانی لە هەرێمدا راکێشێت، کە لەمبارەیەوە بەدوای ئەوەی بریارەکانی دادگای باڵای فیدارڵی لەباری عەمەلیەوە خەریکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەتوانین بڵێین سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا وەک کارێکی رۆتینی و بێبەرهەم بۆ هەرێم ئەژمار دەکرێت.

ئەو بەڵێنانەی کە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا ئەیدات، سیاسەتەکانی نائومێدیەکی گەورە بۆ زۆربەی هاوپەیمانەکانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا دروست دەکات، چونکە رۆڵی خودی ئەمەریکاش لە ناوچەکەدا کەوتۆتە بەر پاشەکشەیەکی زیاتر لە بەرامبەر ململانێی رەقیبەکانی لە وولاتانی سەرمایەداری زلهێزی دنیادا، بۆیە ناتوانێ پاراستنی هاوسەنگی باڵادەستی ئەمەریکا بەسەر دنیاو ناوچەکەدا دەست پێوە بگرێت. لەهەمانکاتدا لەسەر ئاستی دارایی ئەمەریکا ئامادە نابێت، یان پێویستی بەوە نیە کە لەم ئاڵوگۆرانەدا بەردەوام بێت کەقورسایی خەرجی مووچەی پێشمەرگە هەڵگرێت.

ئەتوانین بڵێین قەوارەی هەرێم و دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی لەبەردەم ئایندەی ئەو پێشهات و ئاڵوگۆرانەی بەرێوەیە، لەسەرو بەندی فشاری سنوردارکردنی پێگەی دەسەڵاتی سیاسیدان، ناچار دەکرێن بکەونە ژێر ئاراستەی قەبوڵکردنی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق و دەستگرتن بەقەوارەیەکی تەواو لاوازو شکڵیەوە، ئەمەش ئەو ئاکامە دەخاتەروو کە یەکەم: پەنابردن بۆ ئەمەریکا و هەر وولاتیکی تر بەفریایان ناکەوێت و ناتوانن سەربەخۆیی قەوارەی هەرێم راگرن و لەبەردەم پرۆسەیەکی نزمبونەوەی ئاستی دەسەڵاتەکاندا دەبن، ناچار دەکرێن لە سایەی حکومەتی عێراقدا پەناگایەک پەیدا بکەن. دووەم: نە دووبەرەکی و نە یەکگرتنی بارزانی و تاڵەبانی و هەر لایەنێکی بزوتنەوەی کوردایەتی، فرسەتی ئەوەیان نادات، بتوانن ئاڵوگۆرێک بە بەرژەوەندی پێگەی قەوارەی حکومەتی هەرێم ببەخشن. سێیەم: لەبەردەم هەڵبژاردنەکاندا بەجۆرێک سنوردار دەبن، کە هەر جۆرە رێکەوتنێک لە پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن ناتوانێ ئاکامێکی ئەرێنی بۆ بەرێوەبردن و دەسەڵاتیان بەدەست بهێنن.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی**
**حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
رێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەماڵ موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# پابەندکردنی هەردووحکومەتی عێراق وهەرێم بەدانی موچە، تەنها هەنگاوی یەکەمە!

وەک بەرئەنجامێک لەدۆخی ناهەمواری کارمەندان وموچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ولەژێر فشاری خۆپیشاندانو نارەزایەتی چەند مانگەی مامۆستایاندا، سەرەنجام دادگای فیدراڵی عێراق، بڕیاری پابەندکردنی هەردووحکومەتی ناوەندو هەرێمی بەدابینکردنی موچەی کارمەندانی کوردستانی لەبڕیارێکدا ڕاگەیاند. بەم جۆرەش پرسی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان، کە ساڵانێکە کراوەتە بابەتێکی سیاسی وکێشمەکێشی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند، دەرگایەکی یاسایی بۆ چارەسەرو دەرکێشانی لەبازنەی کێشمەکێشێکی سیاسیدا بەڕوویدا کراوەتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی دەستکەوتێکە، بەڵام هەرگیز لە خەمخۆری و دڵسۆزی ئەو دادگایەوە نییە بۆ مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان و نابێ لەلایەن موچەخۆران ومامۆستایانەوە، وەک "فریشتەی نەجات" لێی بڕوانرێت. چونکە خودی ئەم دادگایە سەرەڕای ئەوەی یەکێک لەئامرازو نیهادەکانی سیستەمێکی شکستخواردوی ئەو فیدرالیزمەیە، کەژیانو گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی لە سەرانسەری عێراقدا، بەکوردستانیشەوە، لەنەهامەتیو بێعەدالەتیەکی زەقدا ڕاگرتووە، هاوکاتوەک چەکێکی قانونی وسیاسی بۆ ڕێکخستنەوەو بەلاداخستنی ناکۆکی وبەرژەوەندییەکانی لایەنە شیعی وسوننیو قەومییەکان وهاوپەیمانێتیەکانی نێوانیانەوە بەدەستەوە گیراوە. بەتایبەتیش لەماوەی ڕابردوودولەسەر ئەو بابەتانەی کەخاڵی ناکۆکی بوون لەنێوان بەغداو هەولێردا، بە ئاراستەی باڵادەستکردنەوەی حکومەتی عێراق وفشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم و تەسلیم بوونی هەرچیزیاتریانبە حکومەتی ناوەندی ڕۆڵی گێڕاوە و هیچکاتێکیش ماف و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانی لەبەرچاونەگرتووە.

بەڵام ئەوەی کە پارتی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بەدژی "مافە دەستوریەکان وقەوارەی" هەرێم لێکدەداتەوە و یەکیەتی نیشتمانییش بەدەستکەوتو هەوڵە دیبلۆماسیەکانی خۆی لەبەغدا دەزانێ، هاوکات ئەو ناکۆکیانەی کەلەپەیوەند بەجێبەجێکردنی بڕیارەکەوە سەری هەڵداوە وخودی ئەو کێشەیەش کەموچە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای بانکەکانی بەغداوە یان بانکەکانی هەرێمەوە بدرێت، خۆی نیشانەیەکە لەوەی کەپرسی موچەی موچەخۆرانی کوردستان هێشتا لە ناکۆکی وکێشمەکێشە سیاسیەکانی نێوان لایەنەکانو هەردووحکومەتی هەرێمو بەغدابەیەکجاری دەرنەکێشراوە، هێشتا لایەنەکان دەیانەوێت بەپێی بەرەژوەندیەکانیان درێژە بەو یاریە سیاسیە بدەن کە ساڵانێکە موچەی کارمەندانی کوردستانیان خستۆتە گیروگازەوە. لەکاتێکدا ئەوە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و هەردوو حکومەتی عێرا ق وهەرێمە، کەلەسایەی فیدراڵیزمێکی شکستخواردو و دادگاکەیدا، دووده‌هەیە ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، کارمەندان وموچەخواران وهاوڵاتیانیان چ لەکوردستانو چ لەشارەکانی عێراق، لە گەندەڵی و تالانچێتیدا خنکاندووە وژیانێکی سەخت و ناهەمواریان بەرەورووکردوونەتەوە. بۆیە دەبێ مامۆستایان و فەرمانبەران و مووچەخۆران و سەرجەم خەڵکی بێبەش و برسیکراوی کوردستان ئەم بڕیارەی دەدگای فیدراڵ وەک دەستکەوتێکی خۆیان و هەنگاوێکی سەرەتایی وەربگرن،بۆ ناچارکردنی هەردوو حکومەتی هەرێم و ناوەند بەدانی مووچەکانیان و گێڕانەوەی هەموو ئەو مووچانەشی بەزۆر لێیان زەوتکراوە بەناوی پاشەکەوتەوە، لەمەیدانی نارەزایەتیەکاندا بمێننەوە و نابێبەبڕیارەکەی دادگای فیدراڵ خۆشخەیاڵبن وچاولەبەری حکومەتەکەی سودانی بن بەوەی کەکێشەی موچە بەچارەسەری کۆتایی خۆی دەگەیەنن. بەپێچەوانەوە ئێستا کاتی ئەوەیە کەڕیزی سەربەخۆی نارەزایەتیەکانی مامۆستایان وکارمەندان پتەوترورێکخراوتر وفراوانتر خۆی بنوێنێ و ڕێگانەدات، دەسەڵاتداران ولایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان یاری بەپرسی موچەوە بکەن وئەو دەستکەوتەی بەدەستهاتوە لە نیوەی ڕێگادا ڕابوەستێت.ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەرجۆرە خۆشخەیاڵییەک بەدادگای فیدراڵو حکومەتەکەی سودانی تورهەڵدرێ وبزوتنەوەی نارەزایەتی کارمەندانو مامۆستایان فشارەکانیان لەسەر دەسەڵاتداران چ لەکوردستانو چ لە عێراق توندترو فراوانتر بکەنەوە.

مامۆستایان، کە وەکو پێشەنگی بزوتنەوەی نارەزایەتی کارمەندان و مووچەخۆران و بگرە خەڵکی نارازیش دەرکەوتوون، دەبێ نەک هەر لەسازدانەوەو یەکگرتووکردنی ڕیزی نارەزایەتیەکانی خۆیاندا بن، بەڵکو لەهەوڵدابن بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی هەزاران کرێکار وکارمەندی کەرتی تایبەت کەلەلایەن کۆمپانیاکانەوە لەموچەکانیان دەبڕدرێ و لەکاتی خۆیاندا پێیان نادرێ، هاوکات دەبێ بەهێنانە گۆڕی خواستەکانی بێکارانو زەحمەتکێشان و کوڕانو کچانێکی گەنج کەدەرچووی زانکۆکانن وچەندین ساڵە دانەمەزراون، سەرنجی بەشەنارازیەکانی کۆمەڵگا بۆلای خۆیان ڕاکێشن. بزوتنەوەی مامۆستایان بۆئەوەی بتوانێ پرسی موچە بەیەکجاری یەکلابکاتەوە، دەبێ بەشێوازی گونجاو شەقامو ناوەندی شارەکان وەک بزوتنەوەیەکی چینایەتی سەربەخۆ بەدەستەوەبگرێ و بەڕۆشنی ڕابگەیەنێت کە:

١/ هەرجۆرە یاریکردنیک

⟸

بەموچەی مامۆستایانو کارمەندانی کوردستانەوە، قبوڵکراونییە ودەبێ هەردوو حکومەتی عێراق وکوردستان بەفەوری بەبێ لێبڕین ودواخستن، ڕاستەوخۆ موچە دەستەبەربکەن.

٢/ ئێمە مامۆستایانو کارمەندان، لەناکۆکی و کێشەی ێیوان بانکەکانی هەرێمو بەغدادا، تەرەف نین، ئێمە خوازیاری موچەکانمانین بەبێ دواکەوتن ولێبڕین.

٣/ هەردوو حکومەتی هەرێم وبەغدا دەبێ لەزوترینکاتدا پرسی پلەبەرزکردنەوەی موچەخۆرانو بەهەمیشەیی کردنی مامۆستایانو کارمەندانی گرێ بەست ڕابگەیەنن.

٤/ داوادەکەین کەبڕیارەکەی دادگای فیدراڵ پابەندبوونی هەردوو حکومەتی هەرێمو بەغدا، کرێکارانو موچەخۆرانی کەرتی تایبەتیش، سەبارەت بەدانی موچە لەکاتی خۆیدا بێ لێبڕین بگرێتەوە.

٥/ داوادەکەین هەردوو حکومەت چارەنوسی موچە نەدراوەکانی مامۆستایان وکارمەندانی کوردستان لەزوترین کاتدا، مەعلوم بکەن.

مامۆستایان کارمەندانی کوردستان، موچەخۆران!

پابەند کردنی هەردوو حکومەتی هەرێم وبەغدا بەدانی موچەکانمان، بەرهەمی خەبات و ناڕەزایەتیەکانی ڕابردوومانە، بەڵام ئەمە تەنها سەرەتایەکە بۆ گەیشتنی یەکجاریمان بەهەموو داخوازیەکانمان، بۆیە دەبێ بەچاوی کراوەوە لەهێزی خۆمان و دۆخەکە بڕوانین، چونکە دەسەلاتدارانی هەرێم وبەغدا بەحزبەکانیانو دامودەزگا و دادگاکانیانەوە، جێگای بڕوانین وهەمیشە پاساو و پلانیان هەیە تا خۆیان لەجێبەجێ کردنی خۆاستەکانمان دەربازبکەن.

ئەزمونی خەباتی جەماوەری سەلماندویەتی کەبەدەستهێنانی یەکجاری خواستەکانمان بەندە بەدابینکردنی ڕابەرییەکی یەکگرتووی پشت بەستوو بەجەماوەر وڕاوەستانە لەبەرامبەر ئەو کۆتو بەربەستانەی کە دەسەلاتداران لەبەردەم ڕەوتی بەرەوپێشچونی ناڕەزایەتی و بزوتنەوەکەماندا دروستیدەکەن. سازدانەوەی دەستەکانی جەماوەری ناڕازی و مامۆستایان و هەڵبژرادنی نوێنەرانو فراوانکردنەوەی ئەنجومەنەکان ویەکگرتوکردنیان لەدەوری ئاسۆیەکی خەباتکارانەو سەربەخۆ لە حزبە دەسەلاتدارەکانو ئۆپۆزسیۆن مەرجێکی سەرکەوتنە. هاوکات دەبێ ڕێگانەدەین حزبەکان پرسی موچە و خواستەکانمان ببەستنەوە بەو بەرژەوەندیانەی خۆیانەوە ووەک کارتێکی سیاسی بەکاری بهێنن. نابێ هیچ چاوەڕوانیەکمان نە لەحکومەتەکەی سودانیو نە لەدادگای فیدڕاڵ هەبێ لە چارەسەرکردنی کێشەکانماندا، ئەمانە نەدۆست و نەپشتیوانی ئێمەن، بگرە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان و لەژێر فشاری ناڕەزایەتی جەماوەریماندا، ناچاربون کەلەسەر خواستەکانی ئێمە هەڵوێست بگرن. دۆستو پشتیوانی ئێمە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی شارەکانی عێراقەو دەبێ لەگەڵیاندا لەهەوڵی بەدەستهێنانی هاوخەباتیو هاوچارەنوسی بین.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٣/٣/٢٠٢٤

# بڕیاری دادگای فیدراڵی لەسەر هەڵبژاردنی کوردستان

## عوسمانی حاجی مارف

دواخستنی هەڵبژاردنی کوردستان لە درێژبوونەوەی ئەو دۆخە ناوازەیەوە سەرچاوەی گرتوە کە بەردەوامی گێژاو و ناسەقامگیری دۆخی سیاسی، سەراپای کوردستانی داگیرکردوە، کە کاریگەری زیاتری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەی هەڵبژاردنەکانیش داناوە، کە بە چەندین مەترسی و هەڕەشەی دەوروبەر لە عێراقی وناوچەیی دەورە دراوە، لەهەمانکاتدا ململانێی نێوان بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی دیمەنی ئەو ناسەقەمگیریەیان زیاتر کێشکردوە بەوەی ئاراستەی هەڵبژاردنەکان زیاتر سیمایەکی جەنگی بەخۆیەوە نیشان بدات، هەر ئەو هێزانەش بۆخۆیان بە پاراستنی دەسەلاتی حزبی میلیشیا و بنەماڵە، دیمەنی سیاسی و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان لەقاڵبداوە. دواتریش لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم بەدوای هەڵبژاردن، لەهەمان قاڵبدانی سیاسی هەڵبژاردنەکاندا قەتیس کراوەو بە ئەنجام گەیشتووە، کە بەهیچ جۆرێک نەیانتوانی و نەیانویست کۆتایی بە دوو ئیدارەیی و دوو دەسەلاتی زۆنی زەرد و سەوز و هێزی میلیشیا بهێنن، دەورێکی بەتوانایان بینیوە لە گۆشەگیرکردن و بێئیرادەکردنی خەڵکدا، تا کرێکاران و زەحمەتکێشان نەتوانن لە میکانیزمی بەشداری لە دەسەلات نزیک ببنەوە و بریار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن.

ئەم دۆخە زەجرو نائومێدی و ژیان و گوزەرانی سەختی بەسەر خەڵکدا سەپاندوە و دوو ساڵ لەژیانی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان، کە جگە لەتوڕەیی و بێزاری و ناڕەزایەتی و بەرزکردنەوەی دروشمی خواستی کۆتایی ئەم دەسەلاتە، جێگای چاوەڕوانی بۆ هەر ئومێدێکی تر نەهێشتۆتەوە.

ئەزمونی پەیوەندی جەماوەری ناڕازی

بەدەسەڵاتی بنەماڵەو حزبەکانیانەوە، بەو درک و ئاکامە گەیشتووە کە لە واقعیەتی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، هەڵبژاردن ڕێگایەک نیە بۆ گۆڕین یان دەستاودەستکردنی دەسەڵات، هەروەها ئەندامانی پەرلەمان بەهیچ جۆرێک ناتوانن نوێنەرایەتی دەنگدەرانیان بکەن. لەهەمانکاتدا سیاسەتی پاشکۆبون بۆ بەرژەوەندی و نەخشەو سیاسەتی وولاتان و لایەنی تر بۆتە عادەت و ئالودەبونی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئەم واقعیەتەو ئەم ئەزمونە، گورزێکی گەورەی داوە لە هەڵسورانی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی، کە مایەی ڕەنگدانەوەی ڕیسوابون و شکۆشکاندن و شەرمەزاری ئاشکرایانە.

دوای تاقیکردنەوەی سی ودوساڵ لە داگیرکردن و تالانی و جەردەیی و حکومڕانی بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا، دوای پێشخزمەتی بۆ ئەمریکا و تورکیاو ئێران، دوای تێکەڵبون و ملکەچی بۆ قبوڵکردنی دەسەڵاتی میلیشیایی ئیسلامی و تائیفی و نەتەوەپەرەستی لە بەغدا، جارێکی تر خەریکن وەک بلقی سەر ئاو ئەتەقنەوە، خەریکن نیشانەکانی کۆتایی مەئموریەتێک ڕادەستدەکەنەوە و لە چاوەڕوانی وەرگرتنی مەئموریەتێکی تردان.

ئەتوانین بڵێین بڕیارەکانی ئەم دواییەی دادگای باڵای فیدراڵی، لەسەر هەڵبژاردن و موچەی فەرمانبەران تەواو بۆنی ئەوەی لێدێت کە قەوارەی حکومەتی پارتی و یەکێتی لەکاتێکی دیاریکراودا، زوو یا درەنگ، دەبێت مایەپوچی خۆیان ڕابگەیەنن، ناونیشانی قەوارەکەیان بگۆڕێت بەشتێکی تر.!

هەرچەندە بەئەنجام گەیاندنی لاسەنگی ئەم هاوکێشەیە لەبەرامبەر هەرێمدا، لەلایەک ئاکامی گۆڕینی هاوسەنگی هێزو دەسەڵاتی لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێرانە، کە خۆی لە "چوارچێوەی هەماهەنگیدا" پێناسەدەکات، لەلایەکی ترەوە دەوری ئەو نەخشەو سیاسەتانە کە هەوڵ ئەدرێت سەقامگیری بۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا دابین کرێت، لەم ڕاستایەوە ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق بە ڕەوتی هەنگاوێکی گرنگ دەبینرێت، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەی سەقامگیربونەوەی دۆخی ئابوری و سیاسی لە عێراقدا، دەبێتە هۆکاری ئەو فشارەی کە ئایندەی حکومەتی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەروەها خاڵێکی گرنگ کە لەم نێوەدا جێگای باسە، بەرفراوانبون و تەقینەوەی زیاتری ئاستی نارەزایەتیەکانی جەماوەری کوردستانە لەبەرامبەر دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانیدا، بەتایبەتی توانایی و بەردەوامی نارەزایەتی مامۆستایان کە بۆ ماوەی پێنچ مانگ خۆراگریان بە بایکۆت نمایشکرد، ئەم نارەزایەتیە، کە بە هەر پێشڕەوی و ڕۆڵێک جێگای خۆی کردەوەو لە مێژوی نارەزایەتی جەماوەری کوردستاندا، خاڵێکی بەرهەمداری تۆمارکرد، کە تا ڕادەیەک بەو ئەنجامە گەیشتن کە لە دابینکردنی دانی موچەی فەرمانبەران دڵنیابن.

لەهەمانکاتدا دیوێکی تری ئەم واقعە کە جێگای تێبینیە، فشاری ئەو نارەزایەتیە جەماوەریە، فرسەتی دا بە دەسەڵاتی بەغدا لەڕێگەی دادگای باڵای فیدراڵیەوە ملکەچیەکی تر بەسەر هەرێمدا بسەپێنێت. کە یەکەم: دادگا زەمینەی بۆ چارەسەرکردنی پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەڕێگەی بڕیارێکەوە دابەدەستەوە کە داوا لە دەسەڵاتی فیدراڵی عێراق دەکات ڕاستەوخۆ موچە بدات بەو کەسانەی کە مافی خۆیانە بەبێ ئەوەی ئەو پارەیەی بۆیان تەرخانکراوە بۆ حکومەتی هەرێم بنێرێت. دووەم: دەرکردنی بڕیاری هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانە کە دادگای ناوبراو بڕیارێکی دەرکرد لەسەر ئەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نادەستووریە.

بەجیا لەوەی بڕیاری دادگای فیدراڵی سەبارەت بە موچە دەستکەوتێکە بۆ فەرمانبەران و مامۆستایانی کوردستان بەڵام لەهەمانکاتدا گورزێکی توندە لە قەوارەی هەرێم و پێگەی حزبەکانی کوردایەتی لە ڕاستای ئەو ململانێ و کێشانەی کە لە نێوان هەولێرو بەغداد حاڵەتێکی بەردەوام و نائاسایی وەرگرتوە.

ئەوەی جێگای باسە کە لەم وتارەدا ئاماژەی پێبدەین، لە بەرامبەر بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم لە ١١١ ئەندامەوە بۆ ١٠٠ ئەندام، دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا، هەر یازدە کورسیەکە کە تایبەتە بە کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، نادەستوورین.

ئەم بڕیارە دەنگی نارەزایەتی و نیگەرانیەکی زۆری لای بارزانی و سەرکردەکانی پارتی لێکەوتۆتەوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم "بڕیارە سیاسیە و زۆر نەرێنییە" و دژی "ڕۆحی دەستورو دژی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانە".

هەڵبەتە کێشەکە لەسەر ئەوە نیە کە ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی بڕیارێکە سیاسیە، چونکە لە پەیوەند بە هەلومەرجێکەوە خراوەتەڕوو، کە نیشانەی باڵادەستی دەسەڵاتی "چوارچێوەی هەماهەنگی"ە لە حکومەتی عێراقدا، ئەوەش شاراوە نیە کە دادگای باڵای فیدراڵیش پاشکۆی سیاسەتەکانی ئێران و دەسەڵاتی حکومەتی عێراقە، بەو مانایەش بڕیارەکە گومانی ئەوەی لەسەر نیە کە سیاسیەو مەبەستی سیاسی بەدواوەیە، لەهەمانکاتدا ئاشکرایە کە لە بەرژەوەندی پێگەی بارزانی نیە، بەڵام ئەوەی گرنگە پێویستە ئەم بڕیارەو هەر بڕیارێکی تری دادگای فیدراڵی لەو شوێنەوە لایەنە سیاسیەکەی بناسینەوە کە لە بەرژەوەندی سیاسەت و دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی و کۆماری ئیسلامی هەنگاو دەنێت.

ئەوەی پێویستە لەم بارەیەوە

قسەی لەسەر بکەین ئەم بڕیارە سیاسیە دژ بە دەستورێک نیە کە بۆ حکومەتی ئێستای عێراق نوسراوە، حکومەتی عێراق بە دوای ٢٠٠٣ وە، پێکهاتەیەکە کە لەسەر بنەمای دامەزراندنی دەسەڵاتێکی"بەشبەشێنەی" تائفی و قەومی دانراوە، واتە لەسەر دانانی ئیمتیاز بە شوناسنامەی تائفی و قەومی مرۆڤەکان دەناسرێنێت، هاووڵاتیبون لە دەستوری عێراق و کوردستاندا سوکایەتی پێدەکرێت، خەریکن عێراق لەلایەک لە بەردەم زۆرینەی شیعەو سونەو عەرەب، کورد دابەش دەکەن و پێناسەی دەکەن، لە لایەکی تریشەوە باس لە مافی کەمینەکانی تر دەکرێت، ئەم جۆرە لە مامەڵە بە دانیشتوانی عێراق و کوردستان، کەمکردنەوەی شکۆ و بەهاو سەنگینی واقعی ئینسانەکە، واتە کەسێک ئەتوانێ مافی ئیمتیازێکی بەرزی لە دەسەڵاتدا هەبێت، دەبێت سەر بە زۆرینە بێت، لە قوژبنێکیشدا لەخوار مەجلیسی زۆرینەوە، چەند جێگایەکیش دەبەخشن بە کەسانێک کە سەر بەکەمینە بن، دەستورێکی لەم چەشنە کە گەورەترین سوکایەتیە بە بەشەریەت، پێشوەخت و لەکاتی خۆیدا واژۆی پەسەندکراوی خودی بارزانی و تاڵەبانیە، ئێستاش بارزانی باسی نا عەدالەتی بڕیاری دادگای فیدراڵی دەکات، کە ئەم دادگایەش بۆخۆی ئاوێنەیەکە لە پێکهاتەی حکومەتێکی تائیفی و قەومی، ناساندنی پێکهاتەی حکومەتی عێراق بە "فیدراڵی" هەر ئەو مانایە دەبەخشێ کە مافی هاووڵاتیبون جێگایەکی نیە لەدەستوری عێراق و کوردستاندا، مرۆڤەکان ملکەچی دەستورێکی نائینسانی و کۆنەپەرستانە کراون، سەر بەعێراق بن یا کوردستان، ملکەچی بەندەکانی دەستورێکن مافی هاووڵاتیبون و ئینسانی لێسەندراوەتەوە، بۆیە پێویستە خەڵکی موتەمەدنی عێراق و کوردستان ئەو دەستورە بپێچنەوەو بیسوتێنن، بۆ هەتاهەتایی کۆتایی بە حکومەتەکەشی بێبهێنن.

# کارنامەی کوردایەتی و حزبەکانی دوای ٣٣ ساڵ لە ڕاپەڕین!

**نوری بەشیر**

حزبە ناسیونالیستەکان بەدوای داگیرکردنی کویت لەلایەن عێراق و بەدوایدا لەچوارچێوەی شەڕی ئەمریکا لە عێراق لە هەلومەرجی دوای شکستی بلۆکی ڕۆژهەلات و پێویستی ئەمریکا بۆ سازدانی دنیای تاکجەمسەری، هەلومەرجێک هاتەپێشەوە لەلایەن ئەمریکاوە دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانی عێراقیان درایە دەست.

لەو هاوکێشە کۆنەپەرستانەیەدا جێگاوڕێگای حزبەکانی ناسیونالیستی کوردی و دەسەڵاتەکەی نەک لەپاڵ ئەو کوشتارو کاولکاریەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکاندا گیرسانەوە کەبەرامبەر خەڵکی عێراق ئەنجامدرا، بەڵکو خۆیان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا جووتکرد، هەمان شتیان پیادەکرد کە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە لەچەشنی؛ سەدام حسێن، بەشار ئەسەدو جمهوری ئیسلامی ئێران ئەنجامیانداوە، نەک ئەوەش ئەوەی ئەوان نەیانکردبوو، ئەمان بەزیادیشەوە کردیان و بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندیان لە؛ لە تاڵانی، گەندەڵکاری، سەرکوت، کوشتار، تیرۆرو نۆکەرایەتی نەک تەنیا بۆ ئەمریکا، بەڵکو بۆ وڵاتانی ناوچەکەش، کە هەموو ئەوانە سیمای جیانەکراوەی دەسەڵاتداریە لەکوردستان تاکو ئێستا.

ئێمە دەڵێن ناسیونالیزم شەرمەزاریە بۆ بەشەریەت، با چەند لایەنێکی ئەو شەرمەزاریانەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردو هەموو حزبەکانی بخەینەڕوو، دەڵێم چەند لایەنێک، لەبەرئەوەی ئەگەر تەواوی کارنامەیان کۆبکرێتەوەو بخرێتە بەردەم خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی جیهانی، ئەوە هەزاران کتێب و فیلمی دەتوانرێت لێبەرهەم بهێنرێت. لێرەدا هەندێک لە ماهیەتی سیاسی و کارنامەی یەکێتی و پارتی و باقی حزبە قەومی ئیسلامیەکان و ڕۆشنبیرە ناسیونالیست و ژورناڵژەنەکانی دەورووبەریان بەکورتی دەخەینەڕوو:

سەرەتای هاتنەخوارەوە ئەم حزبانەی کوردایەتی لەشاخ و کەوتن بەسەر دەسەڵاتدا بە دزی دەستپێیکرد، بە تاڵانی پێداویستی دائیرەو نەخۆشخانەو شوێنە دەوڵەتیەکان، لە دزینی پارەی بانکەکان و دزینی شۆفڵ و ئامێری نەخۆشخانەکان و شتومەکی بەنداو و محاولەی کارەبایی و ئاودیوکردنی بۆ وڵاتانی ناوچەکە.

سیاسەتێک کە هەیانبوو وەک هێزی بێمونافیس لە شاخ، دەیانویست لە شارەکان هەر وابکەن، ئەوەبوو یەکەمین شت کە دەستیان پێکرد، داسەپاندنی فەزای کۆنەپەرستی بوو بەسەر کۆمەڵگەدا لەژێرناوی ناموسپەرستی و بەعسی بوون، کەوتنە ژنکوشتن، کە کۆمەڵگە شاهیدی کوشتنی زیاتر لە بیست هەزار ژنە لەژێر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا، قەبرسانی ژنانی بێناونیشان مۆری شەرمەزاریە بە نێوچەوانیانەوە.

هەروەها ئەوەی کە زانیان خۆیان دەورێکیان لە ڕاپەڕیندا نەبوو وە ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی نوێ لە شار دەبنەوە، ئەویش خەباتی مەدەنی و شاری لە هاتنەمەیدانی کۆمۆنیستەکان و جەماوەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشە لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی سیاسەت و بەرنامەی ئەواندا، شوراکان نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو بزوتنەوە نوێیە بوو کە ترسی خستبووە دڵی هەموویان و داوای؛ دەسەڵاتداریتی جەماوەریان دەکرد، داوای دادگایی هەموو تاوانبارانی دەکردو کرێکاران ڕێگایان نەدا لە گەڕانەوەی مدیرە کۆنە

بەعسییەکان، بەڵام بەرەو حزبەکانی کوردایەتی کەوتنە دژایەتی شوراکان و بە تابوری پێنجەم و سەر بەرژێمی بەعس ناوزەدیان دەکردن. هەموو ئەو ماهیەت و گەندەڵکاری و کۆنەپەرستیەی خۆیان وەک سونەت و رەوشتی ناسیونالیزمی کورد شۆڕکردەوە بۆ ناو کۆمەڵگە.

بەڵام خەڵکی کوردستان شاهیدن کە ناموسێک بۆرژوازی و حزبەکانی کوردایەتی باسیان دەکردو جاڕی بۆ دەدەن، وە نیوەی کۆمەڵگایان کردوەتە قوربانی، خۆیان چ ناموسێکیان هەیەو چۆنە!. خەڵکی کرێکارو ئازادیخوازانی کوردستان، دەزانن ئەم حزبانەی کوردایەتی نەک تەنیا نۆکەرایەتیان، بۆ ئەمریکا و رژێمی بەعس و سەدام حسین کردوە، بەڵکو سەدامیان بە ئەندیازیاری حکومی زاتی دایە قەڵەم و پێشلەشکریان بۆ هەموو حکومەتانی ناوچەکەو کۆنەپەرستیەکانیان کردووە. خەڵکی شاهیدن کە زۆربەی سەرانیان بەردەوام دەستیان تێکەڵ بووە لەگەڵ رژێم بەعس و بە ئێستاوە لەگەڵ هێزە میلیشیا شیعەکان و ئۆردوگان و جمهوری ئیسلامیدا.

دوای ئەوەی پاشەکشەیان بەشوراکان کرد، ئیتر شەڕی ناوخۆیان دەستپێکرد، کە لەسەر قەڵەمڕەوی دەسەلات بوو، کە کوشتاری وەحشیانەی یەکتریان کردو بێسەروشوێنی سەدان کەسی لێکەوتەوە، کە تاکو ئێستاش کەسوکاری ئەو قوربانیانە چاوەڕوانی تەرمەکانیان.

کۆتایی ئەم شەڕە ماڵوێرانکاریە بە ٣١ی ئاب کۆتایی هاتوو دوو زۆنی زەردو سەوزی لێدروستبوو. هەر لە چوارچێوەی شەڕی دەسەلاتدا هەر جارەی لەسەر خواستی وڵاتانی ئێران و تورکیا شەڕی حزبێکی تری کوردیان دەکرد، هەرجارەو هەر شەڕەش کوشتارێکی زۆر لەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی لێکەوتۆتەوە.

هەروەها ٣١ی ئاب و ١٦ی ئۆکتۆبەر دوو پەڵەی گەورەی شەرمەزاری ماهیەت و کارنامەی حزبەکانی کوردایەتیە، کەچۆن پێشتر پارتی دەستی رژێمی بەعس گرتوو پێشلەشکری بۆ دەبابەکانی کردو هێنایەوە کوردستان لە ٣١ی ئابدا، یەکێتیش هەمان سیناریۆی گاڵتەئامیزی دووبارەکردەوە لە هێنانی سوپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ ناو قوڵایی کوردستان و بۆسەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی ئێران. هەر لەم ساڵانەیی دواییداو لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا دەستگرتنی حەشدی شەعبی و هێنانەوەی بۆ کەرکوک و تەسلیمکردنەوەی زۆربەی ناوچە کێشە لەسەرەکان.

هەروەها سەرکوت و چاوترساندن، زیندانیکردن، رفاندن و تیرۆر یەکێک لە سیما بەرجەستەکانی میلیشیاکانی حزبەکانی کوردایەتیە، کە لەشاخەوە لەگەڵ خۆیان هەڵیانگرتبوو، کەم نین ئەو کەسانەی لە؛ رۆژنامەنوسان، ئازادیخوازن، کۆمۆنیستەکان و ژنان کە بەر هێرشی ئەم حزبانەی کوردایەتی کەوتن و تیرۆرکران.

دەسەلاتدارێتی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تری دەوریان کە ئەم هەموو سەروەت و سامانەی نەک تەنیا کوردستان بەڵکو عێراقیشیان دزیوە لە زیاتر لە سێ دەیەدا لە داهێنانەکانیان کە نموونەی نیە لە جیهاندا لە؛ نەدانی موچە، چارەکە موچە، پاشەکەوت، چەند مانگ جارێک موچە، دانەمەزراندن، پلەبەرزنەکردنەوەی کارمەندان، سیماکانی ئەم دەسەلاتەی نوێنەرانی بۆرژواکان، مەلاو شێخ و عەشایەر، کۆنە بەعسی، مستەشارەکان و لێپرسراوانی حزبەکانە کە خۆیان بێخەمن لە موچەو داهاتی کەڵەبوونی دزراوی خەڵک، کە هەموو کەسێک دەزانێت خۆیان و منداڵ و خێزانەکانیان چۆن یاری بەپارەی دزراوی خەڵکی کوردستان دەکەن، گوندەکانی فیرعەوناوا، دۆلاراوا، سپیکردنەوەی پارەو ناردنەدەرەوەی بۆ هەموو خەڵک رۆشنە.

لەهیچ وڵاتێکدا لەنموونەی ئەم حزبانەی کوردایەتی نیە، لە ٣٣ ساڵدا نەتوانێ ئاو، کارەبا، گاز، رێگاوبانی گونجاو بۆ هاوڵاتی دابین بکات، ئایا ئەمانە جگە لە مافیا ناوێکی ترهەیە پێیان بوترێت.

بەڵام ئەگەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لە سەرەتای ساڵەکانی نەوەدەکاندا بەهۆی پێشینەی سەرکوت و کوشتارو دیکتاتۆری رژێمی بەعسەوە، خۆشخەیاڵیەکیان بەدەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی هەبووبێت، ئەوا ساڵ لەدوای ساڵ ماهیەتی دژی خەڵکی و گەندەڵی و مافیایی ئەوانیان بۆ دەرکەوتووە، کە بەردەوام ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران، مامۆستایان، کارمەندان، ژنان و قوتابیان گۆشەیەکی رۆژانەی ژیانیان بووە. ناڕەزایەتیەکانی ئەم دەورەیەی مامۆستایان بۆ ماوەی پێنج مانگ و ١٧ی شوباتی ٢٠١١ نموونەی رۆشن و راشکاوانەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانە کە بەهەموو زمانێک دەریدەخەن و دەڵێن کە دەسەلاتی کوردایەتی لای ئەوان بایەخێکی نەماوەو دەبێت بڕۆن.

ئێستا ئومید بە رامالین و کۆتایی ئەو حزبانەی دەسەلات خواستێکی گەورەی زۆربەی خەڵکی کوردستانە. جەماوەری خەڵکی ناڕازی بەدەیانشێوەو زمان ئەو ئومێد و ئارەزوەیەیان راگەیاندوە. ئەوەی ماوەتەوە بۆ جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئەو ئاواتە، ئامادەیی زیاتری سیاسی خەڵکە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە؛ ئەویش لەرێگای خۆرێکخراوکردنی جەماوەرەوە دەبێت لەناو رێکخراوە جەماوەریە کرێکاریەکان و رێکخراوەکانی مامۆستایان و باقی توێژە زەحمەتکێش و ناڕازیەکانی کوردستان و پووچەڵکردنەوەی سیاسەتی چەواشەکاری ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بۆ بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتی جەماوەر و دەستبردنە بۆ سازدانی جەماوەر لە شوراکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشدا لە ناوەندەکانی کارو گەڕەکەکاندا بۆئەوەی سەرەنجام دەسەلات لە ئەحزابی کوردایەتی وەربگرنەوەو دەسەلاتی شوراکانی خۆیان دابمەزرێنن. دەسەلاتێک کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی راستەوخۆی نوێنەرانی راستەقینەو دڵسۆزی خەڵک بنیاتنرابێت کە کارنامەی سیاسی و ئابوریەکەی دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئازادی بێت بۆ خەڵکی کوردستان.

# چالاکی بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە

ڕۆژی ٧ ی مانگ لە سلێمانی، کۆمیتەی سلێمانی، بە ئامادەبوونی عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزب و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب و کادران و ئەندامانی حزب، هەستا بە سازدانی کۆبونەوەیەک لەسەر گۆڕستانی ژنانی بێناونیشان. گۆڕستانی ئەو کچ و ژنانەی کە بەبیانووی قێزەونی ناموسپەرستیەوە لەلایەن کەسوکارو هاوسەرەکانیانەوە کوژراون و تەرمەکانیان فڕێدراوە. ئەو مرۆڤانەی کە تەنانەت لەسەر گۆڕەکانیان هیچ ئاماژەیەک بۆ ناو و نیشانیان بەدی ناکرێ! ئەو گۆڕستانەی کە بەرهەمی دەسەڵاتی ٣٣ ساڵەی بزوتنەوەی کوردایەتی و هاوئاوازو هاوکارەکانیانە لەناو ڕەوت و تاقمە ئیسلامیەکاندا. ئەو گۆڕستانەی کە بوونەکەی پەڵەیەکی شەرمەزاریە بەنێوچەوانی دەسەڵات و یاساو فەرهەنگ و کەلتورو نەریتی کوردایەتی و ئیسلامەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردو هاوپەیمانە ئیسلامیەکانیان لەسەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە ژنان لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا ئەنجامیان داوە، شەرمەزار و سەرکۆنەکرد..

ڕۆژی (٨) مانگیش، بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە کۆبونەوەو ڕێپێوانێک سازدرا لە سلێمانی، کە لەبەردەرکی سەرا کۆبونەوەکە دەستی پێکردو دواتر بەرەو پارکی دایک بەڕێکەوت. ئەم چالاکیە لەلایەن لایەن و گروپ و کەسایەتیە یەکسانیخوازو لایەنگرانی مافەکانی ژنان و کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی ژنانەوە بەڕێخراو هاورێیانی حزب لە ڕێکخستنی سلێمانی حزب چالاکانە بەشدارییان تێدا کرد. ئەم چالاکیەی ئەنجامدرا لەناو کەشوهەوایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە دەسەڵاتدارانی سلێمانی دەرگایان بۆ ئیسلامیەکان و سەلەفی و دەروێش و شێخەکان ئاوەڵاکردوە بۆ ڕژاندنی ژەهەری دژە ژن، دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان. ئەو چالاکیە ئەوەی خستەروو کە لەپاڵ ئەو هەموو سەرکوت و خەفەکردنەدا هێشتا ژنان و پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز لە کوردستان کەم نین کە بە بوێریەوە بەرگری لەکەرامەتی ئینسانی ژنان دەکەن و بۆ یەکسانی هەمەلایەنی ژنان و پیاوان تێدەکۆشن و بەربەرستە دڕکاویەکان دەشکێنن

هەر بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە لەلەندەن لەبەردەم باڵوێزخانەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران، کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی بەرامبەر بە مامەڵەی دژە ئینسانی ئەو ڕژێمە دژ بە ژنان ڕێکخرا کە بەشێک لە هاوڕێیانی ڕێکخستنی بەریتانیای حزب تێدا بەشداربوون. نارەزایەتیەکە لەلایەن کۆمیتەی پشتیوانی لە بزوتنەوەی کرێکاری و ژنانی ئێران لەبەریتانیا ئامادەکاری بۆکرابوو. بەشێک لە هەڵسوڕاوانی ژنان و کۆمۆنیست و چەپەکانی ئێران و هەروەها جۆن ماکدۆنێڵ، ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا و بەپرسی کۆمیتەی ناوبراو بەشدار بوون. لەو کۆبونەوەیەدا جۆن ماکدۆنێل وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد کە لێرەدا وەرگێڕدراوی کوردی چەند بەشی بڵاودەکەینەوە:

**" من لێرەم لەرێگای کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کرێکاری ئێران کە پێکمانهێناوە بۆئەوەی خەباتی ژنان، سۆسیالیستەکان و هەڵسوڕاوانی کرێکاری پێکەوە گرێبدەین.**

**بایەخی ئەمڕۆ وەک ڕۆژی جیهانی ژن لەوەدایە کە توانای ژنان لەبزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا پیرۆز دەکەن. ئەو تێکۆشانانەی کە دەستیان پێکردووە و ئێستاش بەردەوامە! دەبێ ڕێز لە یادی ئەو تێکۆشەرانەش بگرم و ڕێز لە قوربانیدانیان بگرم، بەتایبەت بەشێک لەئێوە شاهیدی ڕاپۆرتی هەفتەی ئەخیری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانن کە تەئیکد لەوە دەکات لانی کەم ٥٠٠ کەس** گیانیان لەدەستداوە. ئەوانەی لەم دواییانەدا لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە کوژراون کە ٦٨ منداڵیشیان تیدایە. ... هەمووومان دەزانین کە لانیکەم ٢٠ هەزار کەس، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستبەسەرکراون. ڕێکخراوی لیبوردنی نێودەوڵەتی ئەوەی ئاشکراکردوە کە چی بەسەر ئەو کەسانەدا هاتووە کە دەستگیرکراون، یان کوژراون یان ئەشکەنجە دراون یان دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر .. ئەمەش ئەوەیە کە لەبەردەم چاوی جیهاندا ڕوویداوە.

ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە ئاشکرا بکەین و هەروەها گروپێکی بەرخۆدان پێکبهێنین چونکە ئێوە پەیوەستن بە سەندیکاکانی کرێکارانەوە، پێویستە ئەم بەرخۆدانە پێکبهێنن و بەرگری لەو کەسانە بکەن کە هەنگاویان ناوە لەسەر ئەم ڕێگایە.

لەم ماوەیەدا سەرەڕای ئەوەی کە خەباتی زۆر ئەنجامدراوە و نارەزایی زۆریش بەڕێوەچووە و تەنانەت سەرەڕای ئەوەی کە نارەزایەتی قەدەغە کراوە، دەبێ تا ئەو ڕۆژەی کە خەڵکی ئێران ئازاد دەبن و درێژە بەو پشتیوانییە بۆ ئەو خەباتانە بدەین .. ، دەبێ بڵێم ئەمە پەڵەیەکی شەرمەزارییە بۆ حکومەتی بەریتانیا کە تەنانەت ڕێگەی بە حکومەتی ئێران دا باڵیۆزخانەی هەبێت و ئەوانیش باڵیۆزخانەیان لە پایتەختەکەمان هەیە، پێویستە کارمەندانی باڵیۆزخانە بگەڕێینەوە بۆ ئێران و باڵیۆزخانەی جمهوری ئیسلامی دابخرێت..

ئێمە داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکەین کە ئەو باڵیۆزخانانە دابخرێت، دیپلۆماتکارەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ئێران، و ڕاستگۆیانە پێیان بڵێن کە ئێمە پێمانوایە ئەوەی لە ئێران ڕوودەدات سووکایەتیکردنە بە ئازادی لەو هەموو ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی و کوشتنە کەهەیە. ئێمە لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمریکا لەگەڵ یەکێتی و سۆسیالیستەکان درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین، ..."

★